# چرپەی با *

بەهاوڕێی ئازیزم * عومەرە سور * ناسراو بەشەهید عومەر،پێشکەش.

ملوانکەی گەردنی کیژێکی عاشقە
ئەم لەنجە لەنج و
فرینی پەپوولەی سەرچەم و
دەوری کەپری یارانە،
زەرد و سور ئەفرن
ئەم زەردەخەنانەی سەر کوڵمی
یارانی عاشقان و پەروانانە،
پرچ و قژ تێکەڵاو، و چڵکن
شۆڕ بەڕیشی ئاڵۆزکاویانەوە
دوو بلوری چاوانیان و
تیلەی بەهاوێری*
پڕ هیوا و حەز و عاشقێتی
وا بە ڕووخساری سپی و
بێ تاوانیانەوە،
دەستێ شەڕواڵ و چۆغە لەبەردا
پشتوێنێکی پڕ باوەڕ بەکەمەرەوە بادراو
دوو گیرفانی تورەکەیی، چەند پەنجا فلسی و
نامەو لەتێ کولێرەی ڕەق بۆوە و
تەزبیحێکی قەزوان، یان دەسترێکی ئاوریشمی
یادگاری هاوڕێی شەهیدیان و
ڕادیۆیەکی بچوکی شەق و شڕی
دیاری شاری وا تیادا،
جوتێ پێڵاوی لاستیك
لەچەند لاوە شەق و کون کون بوو
هەندێ بێ گۆرەوی و
هەندێ پاژنەدڕاو، و
هەریەك لەڕەنگێ،
هەریەك نیشانەی ئاواتێك و
زایەڵەی کاکە مەمێك و
نوزەکەی نالی و
تاڵی ئاوریشمی دڵێك
لە دووی زین و حەبیبەکەی
کاروان سەرای

حەزی ئەگەڕێ،
ڕووخساریان وێنەی
کەژێکی سوتاو
گۆرانی بوکە بەبارانێی
زاری منداڵەکانی نێو ئاواییان
ئەووت،
دەست و مەچەك و پەنجەیان
ئەستور و لەپی دەستیان
وەك سنگی کێڵگەیەکی
تینوی شەقار شەقاری
گوێزانی بەعسی تاوان
دەستی چەپ لەملی خاکدا و
دەستی ڕاستیش هەریەك
تفەنگێکیان پێ هەڵ ئەگرت،
لەبزنەڕێیەکی دەمی دێوە
دەهاتن دەستە دەستە
لەسەفەری قوڵنگان دەچوون
بەدەم کەلی ئێوارەوە
بۆ باوەشی خۆشەویستی خاك و
نێو ئامێزی یەکدی ئەچوون،
پەپوولەکان ڕەنگاو ڕەنگ بوون
سور و سپی زەرد و شین
لەنجەیان شنەی با بوو
هەڵفڕ هەڵفڕ
نیگا نەرم و
دەم و زاریان حەڵوا و گەزۆ
هەنگوین ئاسا بوو
شیرین شیرین،
لە دووی نەغمەی ڕەنگاو ڕەنگی
ڕەنگاڵەیەك سەمایان ئەکرد
ئاهەنگ گەرم بوو
هەموو تێکڕا یەك ئاواز و
یەك چەپڵە و یەك گیان بوون
هەمووش پێکەوە
سکێچی قاقایەکی نامۆیان
دروست ئەکرد،
بەرلەوەی خۆر بچێتە باوەشی
کەلەپۆوە *
وەك پۆلە قوڵنگێ کەوتنەخۆ و
باڵە فڕەی باڵیان ئەدا و
یەك لەدووی یەك ئەکەوتنەڕێ

بەدەم هەڵبەزەو بازی ملی ڕێوە
سرودەکەی شاخی ڕەنگاو ڕەنگی
گۆیژەیان ئە وتەوە،
تاریك و ڕوون
لە دەمی ئاواییەوە
جریوەیان کردە یەك و
وەك دوو ڕووباری بەپێل *
تێکەڵی یەك بوون،
ئەم مەلانەی دی
جۆرێکی دی بوون
گەردن بەخاڵ و پەڕ ڕەنگین و
لەقاقادا ئاڵ و واڵ بوون،
لە ئێوارەیەکی بەکزە با و هێمندا
بوونە سەمای ئاوازێك
گۆرانیان بۆ باڵای بەرزی
شەهید ئەچڕی
یادگارییەکانیان ئەکردە
گوڵ ئێخەی پێشمەرگە و
ئەیان کرد بەسنگی یەکدیدا،
بەبیرم دێ
لە دیدەنی چرپەی با دا
بەدەم لاوك و قەتارەوە
ئەیگێڕایەوە:
لەدەرکی دەمی شارەوە
لە هەڵاوی بەتاسەو گەرم و گوڕی
کوخی هەژارانی شار و زاڵەوە
دەهاتن دەستە.........دەستە
بۆ نێو باوەشی دایکی شار
بەکۆڵێ گڕە و هەناسەی سەختی
یاخی بوونیانەوە،
خانوە قوڕەکان نەگ تەنها
دەروازە بوو
بگرە ترپەی دڵ و پەلەپیتکەی
لێدان و گرمەی تفەنگی پێشمەرگەبوو،
من ئەم گەڕەکانەم خۆشتر دەوێ
وەك لە پەنجەرە پان و بەرینە لە سەر خۆ داخراوەکان،
من کڵاو وجامانەیەکی شڕ و کۆنی
خانوە قوڕەکان ناگۆڕمەوە
بە ئارتۆپ و بە سۆپەری
پیاوە ورگن و جانتا دبلۆماسی بەدەستەکان،
کە لەم دیو شوشەی پەنجەرەیەکەوە

تەماشای تەزین و لەرزینی درەختەکان ئەکەن
تەماشای سەهۆڵ بەندانی شار و بریسکەی چلورەی
گوێ هەورەبانەکان ئەکەن و
ئەڵێن:
ئاخ ئیمشەو شەوی پێشمەرگەیە
هەر ئەو کاتە من بەر لەوەی
ئازارێکی دی بەم ژانەوە بم تلێنێتەوە
دەیان بەڵغەم و تفم
بەنێوچەوانی کۆشك و تەلارە
بەفاڵەکانی* شاردا
بەر ئەدایەوە،
دەنگ هەر قرمە قرمی تفەنگی پێشمەرگەیە
ئێوارەیە و سلێمانیم
بۆتە بوکێ و
بۆ پێشمەرگە چۆتە نێو
پەردەی شەوی هەنگوینیەوە،
سلێمانیم بوکێکە
بە خوێنی یەکانەکانی* شار سوراو ئەکا و
تارای تۆپینی عەفلەقیەکان بەڕووخساریدا ئەدا،
ئێستا خانوە قوڕەکان و
ئەسحابە سپی و براهیم پاشا
گورزی مەچەکی ڕۆستەمێکی زاڵە و
بەهاژە و شەپۆلی گڕەوە
خۆی بەنێو مۆڵگەکانی بەبەر* و
دەڵەبەباکانی شاردا ئەدا،
ئەمەدەستی سەوز و گوڵە قەیفەی چرپەی بایە
وا لەملی پێشمەرگەدا و
گەوە بەگەوە و پێ بە پێ
ئەم بن بنجك و دار و بەردی هەردەم
بست بە بست ئەپێوێ،
ئەمە مەرزی پێشمەرگەیە و
خرەی زیخ و چەوی ژێر پێیان
سەمفۆنیای گەشتێکی خۆڵەمێشیە و
تەق و وڕی تفەنگ و مەخزەنەکانیان
دەروازەی خەیاڵی هەر یەکێکیانە و
هێدی هێدی ئەبێتە هاوڕێیەکی گیانیان و
دەستی یەکە یەکەیان بۆ نێو بارێتەی*
ئەم گەشتە ئەگرێ،
لەدەرکەلانی شیوێکەوە دەگەڕانەوە
لە هێشوە ئەستێرە ئەچوون ببوونە ملوانکەی گەردنی قڕگە* و
بۆ شاهی بوکێنی دارەکەی حسك* ئەچوون،

قوڵنگەکان جووت جووت ئەفڕین
گەشتێکی هەناسە درێژ بوو
بۆ ماچی کوڵم و ڕووی قڕگە و
بۆ لای وەڕینی سەگەکانی دەمی دەرکی دێ و
بە باڵای شاخی دۆزەخێکی مەرگا
هەڵ ئەچوون
بۆ مەرگێکی چاوەڕوان نەکراو، و
بۆ نێو قینێکی بەگڕ و پلان بۆکراو ئەچوون،
سەدان ساڵە
مەرگ بوکە شوشەیەکی چاو، و برۆ ڕەشە
وا لە ئامێزی ئەم کوردستانە لە خاچ دراوەدا،
هەموو دەمێ خۆیشی بەدەستی خۆی
لە کلی خوێنی خۆی
برژانگ و چاوی خۆی
پێ ئاڵ و واڵ ئەکا،
سەدان ساڵە
وەك درەختێکی بەتەمەن
سەر و گوێم ئەتاشن
سەدان ئاوەڕۆ و جۆگەی خوێنتان ڕژانە سەرم
پەلکم بە خوێنی مەم
سەوز ئەکەن و
مەمکی براوی زینیش ئەکەنە خۆراکی گیانم،
ئێستا چرپەی بام
دیدەنی مەرگی خۆیانی
پێش شەستە بارانی گوللەی جاش و
لیکی زاری فاشستەکان کردووە،
پێش ڕووتکردنەوەی تاقم و تفەنگەکانی بەریان و
پێش تاڵان کردنی پەنجا فلسی‌یەکانی گیرفانیان و
پێش دۆزەخی ئاگری ئەوان
چاوی گریاناوی خۆی بەیەخە و
کراسی حەڤدە باڵای بەرزی ئەم شاخ و هەردە سڕیوە،
ئەم پرسەی شەهید بوونی خۆیانی
لە بوڵێڵی* قڕگەدا گرتبوو
بەر لەوەی شەو ببێتە بەرگ درووی کفنیان
بەر لەوەی ئاگر و گوللە ببێتە چێشووی
ڕێگەی هەنگاویان،
ئەم دڵی هەواڵی مەرگێکی دڵ تەزێنی پێبوو
بەر لەوەی شەکەت و ماندو
باوەش بە باڵای یەکدیدا بکەن و
باڵ لەخوێنی یەك وەردەن و
پێکەوە بەشیشی غەمی

ئەم ئاگری خیانەتە بسوتێن،
کە قولنگەکان گەیشتنە دەمی دەرکی حەوانەوە
پۆل پۆل
بۆ نێو کوختە وەنەوشەییەکان ئەچوون
لە هەناوی یەکێ لەگوڵەکاندا
دەستێ وەك ڕەت بوونی
پەڕەسێلکەیەکی تیژ ڕەو هات و
مەچەکی ئەم چرپەی بایەی گرت
وتی:
دەخیلتم نەکەی
ئەم مەلانە پەرەوازەی ئەم شەوی دەیجور و
ئەم ئاسمانی گۆمی خوێنە نەکەی،
دە سەرێ بۆ هەڵ نابڕی
ئەوەتا ئاسمان وێنە کێشێکە، بەڕەنگی خوێنی ئێوە تابلۆی
گەشتی درێژی قولنگی وڵاتم ئەکێشێ،
قاقاو بزەتان ئەکاتە نەی نەوای ئەم شەوە و
تفەنگەکانتان لەگوڵدانی بیرەوەری
شەهیداندا بۆ هەڵ ئەگرێ،
بەڵام سەد داخ قولنگەکان گوێیان
بەم هاوارە گلاراو گرتوەی
دڵی چرپەی بام نەدا،
لە شەقەی باڵیاندا و، وەك ئەوەی بە سەماوە
بۆ پێشوازی مەرگ بچن
یەك لەدووی یەك
گەردنیان لە تەنافی مەرگ ئەدا،
ئاگام لێ بوو چرپەی با
بە پێشمەرگەکانی ئەووت:
من ئێستا تکا و هاوارم ئەندێشەی
حەپە حەپی ئەم سەگەی سەر ڕێمانە و
ڕێگای هەڵهێنانەوەی هەنگاوتان لێ ئەبەستمەوە،
من ئێستا فلچەکەی دەستی دەروونم و
تابلۆی مەرگی ئێوە تێك ئەدەمەوە،
هاوارە
ئەی چریکە بەسوێکانی قڕگە
ئەمە گۆمی مەنگی خوێنی ئێمەیە و تەماشای بکەن
ئەمە داو و تەپکەی قولنگی شاخە و
هەڵوێستکەیەکی بۆ بکەن،
بەڵام نە
سەد مەخابن
ئەم ناڵەیە کەهات
لە سەرەو نوگمی زەوی و ئاسمان ئەچوو

لە تەقینەوەی بورکانی ڕق و
شەستە بارانی ئاگر ئەچوو
ئەمە تفەنگێ نییە و
دەمی لولەی ئاگرێ نییە و
گەمارۆی سەر تەپۆپکەیەکی سەر ڕێ نییە،
ئەمەغەزەبی ئاگرە و بە باوە ئەبارێ
من کوڕانم فریای هیچ نەکەوتن
وەك ئەوەی هەر لەنێو مشتی
ئەم ئەژدیهایەی پلاندا بن
دەستی ڕاستم چەپی ئەبڕیم
چاوی ڕاستم هەڕەشەی لەچەپم ئەکرد و
پێی ڕاستم پاشقولی هەڵهێنانەوەی ڕێگای لێ ئەگرتم،
پەنجەکانم خۆیان لەناو خۆیاندا یەکتریان ئەشکان
وشەکانم سەر و پەتەڵاکی یەکتریان ئەکوتایەوە
تا دەمی بەرە بەیان، من هەژدە هەڵۆم باڵیان لەخوێنی یەکتر وەر ئەدا
بەشیشی غەمی یەکترەوە ئەبرژان،
دەمەو بەیانێکی ڕوون
جاشەکان هێشتا لەگیانی پاکی
ئەم کەڵە شەهیدانە تۆقیبون و سڵیان ئەکردەوە،
بۆ دڵنیایی مەرگیان
دەیان قومبەلە و نارنجۆکیان
یەك لەسەر یەك بۆ هەڵ ئەدان،
تا گەیشتنە یەخە و کراسەکەی شەهیدان و
پێڵاوەکانیشیان لەپێ داکەندن،
تا گەیشتنە سەر سنگی چرپەی با و
بە پەنجە چاویان هەڵکۆڵی و
بە پێ لەقە سنگ و بەرۆکیان داکوتان،
بەڵام ئەم ژانە گەورەیە
لە پێ نەکەوت، هەر بە پێوە مایەوە
تا یەکە یەکە ماچی گەردنی خوێناوی قوڵنگەکانی کرد و
بەخوێنی خۆی لەسەر تەرمەکانی نووسی
فیدات بم ئەی خاکی کوردستان.

11.08.2001
پۆلا سەعید

پەراوێزەکان :
* بەفالْ / ماکەر و ماینی نێر خواز
* قرگە / دێیەکی باشوری کوردستانە نزیك بەشاری سلێمانی
* یەکانە/ بەرازی نێر

* بەپێل / شەپۆلدار
* هاوێر / لە یەك بوونی کۆرپە و دایك
* کەلەپۆ / ئەو کەلەی خۆری لێ ئاوا دەبێ
* بارێتە / سەمای بەکۆمەڵ
* دارەکەی حسك / دارێکی بەتەمەن بوو لەسەر رێگای دووکانیان نزیك بەشاری سلێمانی، پێشمەرگەکانی سۆسیالیست لە ژێریدا کۆدەبوونەوە،
* بوڵێڵ / تاریکی دوای ئێوارە